# پێنجەمین ڤیستیڤاڵی سینەمای کوردی لە لەندەن



پێش هەرشتێک پێم خۆشە دەست خۆشانە لەو ستافانە بکەم کە کاری هەڵسوڕانی ئەم ڤێستیڤاڵەیان گرتە ئەستۆ و زۆری پێوە ماندوو بوون دەستیان خۆشبێت و بەردەوام و سەرکەوتووبن.

هەمووومان دەزانین سینەمای کوردی مێژوویەکی دوورو درێژی نییە دەکرێت یەڵماز گۆنایی بە سەرەتا و ڕەهبەری دەستپێکردنی سینەمای کوردی دابنێین وە بە یەکەم هەوڵدانی کورتە فیلمش بیهێنینە ژماردن. ئەمەش مێژووەکەی ئەوەندە دوورو درێژ نیە تا بۆمان نارۆشنبێت.
گرنگە بەو چاوەوە سینەمای کوردی ببینین و لێرەوە قسە لەسەر بناغەکەی بکەین ، لەم چەند ساڵەی ڕابردووشدا کۆمەڵێک هەوڵدان هەبووە. بەشێک لەو هەوڵانە کاری باشبوونە و دەکرێت وەک سەرەتایەکی باشیش ناوی بنێین و نەخشی ( بەهمەنی قوبادی)ش لەم مەیداندا بەرز بنرخێنین. نامەوێت زۆر بچمە ناو ئەو مێژووە و ئەوهەوڵانەی پێشتر دراون.
ئەوەی بۆمن گرنگەو جێی باسە ڤیستیڤاڵی پێنجەمی فلیمی کوردیە لە لەندەن.

لەم ڤیستیڤاڵەدا زیاترلە 100فیلم نیشاندرا، 79 دانە فیلمی کورت بوون لە یەک دەقەوە تا نیو سەعات و 6 فلیمی درێژو ئەوی تریشی هەمووی فیلمی دیکۆمێنتری بوون کە زیاتر بوون لە بیست و پێنج.

ئەوەی مایەی خۆشحاڵیە هەولی کۆمەلێ گەنج بوو کە چەند کارێکیان کردبوو وە خەوەنی زۆریان بۆ کارکردن هەبوو، دەیانەوێت فیلم سازی بکەن وەتەکانێک بە سینەمای کوردی بدەن.
بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەتوانن؟
یان ئەو مەرجانە چیە بۆ ئەوەی بتوانن؟
پێش هەر شتێک گرنگترین خاڵی وەرچەرخانی فیلمساز جیهان بینیە و ڕوانینێتی بۆ دنیا و بۆ کۆمەڵگا ، چۆن دەتوانێت لەگەڵیان مامەڵە بکات وەچۆن دەڕوانێتە سەرجەم دیاردەکان. فیلم ساز گرنگە خۆیندنەوەی هەبێت لەگەڵ ڕووداوو ئاڵوگۆڕەکاندا بڕوات ودوانەکەویت بەتایبەتیش لەگەل ئەو ڕوداواندا کە ئینسان ناشرین دەکات و قودسیەتی ئینسان دەشێوینێت، گرنگە فلیم سازلە گەمارۆی لۆکاڵی دەرچێت و فراوانتر دنیا ببینێت.
لە هەر شۆێنێک خواستی ئینسان پێشێل دەکریت ئەو لە وێبێت درککردن بە مەسەلە هەستیارەکانی کۆمەڵگا و خۆێندنەوەی بە شێوەیەکی ڕۆشن ومۆدێرن ئەرکی گرنگی ئەوانە. لە هەموو ئەمانەش گرنگتر نەفرەت کردنە لە شەڕوو باس و پێشبینی کردنە بۆ بەختەوەری ئینسان. تەنانەت لە هەندێ شوێندا دەبێت دەست بخاتە بینەقاقای دەسەڵات و هەڕەشەی هاتنە خوارەوەی لێبکات بۆیە پێم وایە ئەرکی فیلم سازی کورد ئەرکێکی پڕ مسؤلیەتە.

لەبەر ئەوەی فیلم سازی کورد تا ئێستاش نەیتوانیوە لە فزایەکی ئازاددا مامەڵە لەگەڵ سەرجەم ئەوماتریالانەدا بکات کە لە بەردەستیدایە، بۆیە کەمتر توانیویانە لە تێروانینێکی جیهانبینیەوە فیلم دروست بکەن.
محروم بوونیش لە ئازادی و سەربە خۆیی باکگراوندێکی بۆ تاکی کورد دروست کردووە بە فیلم سازیشەوە دورناکەوەنەوە لە کەرەسەی شەڕ، شەڕ وای لە ئێمە کردوە ژیانمانی داگیرکردووە هەمیشە سەفەری دەروانینە ژیان تەنانەت لە فیلمەکاندا دیمەنی ڕۆیشتن و نیشاندانی تەنها قاچ لەکاتی ڕۆیشتندا گۆشەی زۆربەی فلیمەکانی گرتبووەوە. یان ژیانی گوند چالاکیەکانی مرۆڤی کورد لە لادێکاندا گۆشەیەکی تری فیلمەکان بوو تەنانەت فیلمە دیکۆمێنتاریەکانیش هەر یەخەی گوندی بەرنادا زۆربەیان لەسەر ژیانی گوندوماندۆێتی و حەسرەتی ئینسانی کورد بوو.
*یان شۆێن پێی ئینسان لەسەر بەفر وەک ڕەمزی سەفەرو دابڕان و جێهێشتن.
*دەنگی کەڵەشێر وەک ڕمزی ڕەگەزی نێرو، بێدار کردنەوە بۆ حەسرەتی ڕۆژێکی ترو بەردەوام بوون لە جوگرافیا بچوکەکەی گوندا.

*یان دەنگی تفەنگ ،وژەی با، وەڕینی سەگ، ئەمانە هەمووی ڕەمزی ترس و تەنیایی و چۆڵەوانین.....بە شێوەیەکی زیاد لە پێویست ڕەنگیان دابووەوە لەسەرجەم فیلمەکاندا.

*خاڵیکی تر کە لای من بۆتە جێی پرسیار ئەوەیە هەست دەکەم دەرهێنەرەکانی ئێمە توانایان بەسەر ڕووداوی شاروو قەرەباڵغیدا ناشکێت بە جۆرێک کەسێتی تاکی کوردیان لەو دابڕاوی و نامۆیە ڕزگار نەکردوە کە مێژوویەکە پێوەی دەناڵێنێ. ئەم ئەقڵی شاخ و گوندەش لە فیلمدا و نەوێران بۆ هاتنە ناو ئاوەدانی شارو پێویستیەکانی پەیوەندی بوون بە کۆمەڵگای مەدەنی و مرۆڤایەتیەوە ئەوەندەی تر تاکی کورد لەو نامۆیەدا دەهێڵێتەوە کە دەمێکە پێوەی دەناڵێنێ .

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لەم ڤێستیڤاڵەدا کاری جوان وهەوڵی جوان هەبوو خەون هەبوو تا خەونیش هەبێت مرۆڤ و کارو داهێنانی دەبێت. بە تایبەتیش فیلمی ( بلیتی ئۆتۆمبیلێک) باسی کۆمەڵگاو چارەنوسی خەڵکی خستە ژێرپرسیارێکەوە کە هەموومانی مسؤل کرد لە وەڵامدانەوەی، یان فیلمی(پەڕینەوە لە غوبار)ئەکرێت وەک کارێکی باشی سینەما بنرخێنرێت بە یەکێک لەهەوڵە باشەکان دابنرێت.
دەستیان خۆشبێت و سەرکەوتووبن لەو جۆرەکارانە.

بەڵام کارێک کە زۆر گرنگە بە بۆچوونی من ئەوەیە سەرجەم ئەوانەی کاری فیلم دەکەن ولە پێش هەمووشیانەوە دەرهێنەر(Director) جیهان بینی خۆیان پاراو بکەن گەورەتر دنیا ببینن ،هەمیشەش ئاگایان لە ڕوداوو ئاڵوو گۆڕەکان هەبێت، فورسەت لە دەست خۆیان نەدەن ،مێشک و دەستیان پڕتر بکەن لەوەی هەیە، ئەو گەمارۆو نامۆییە بشکێنن کە یەخەی هەموومانی گرتووە.

لە کۆتاییدا پیم خۆشە سەرنجی هەندێک لە دەرهێنەرەکان بخەمە ڕوو دوای ئەوانیش هەندێک پێشنیاری خۆم بخمە ڕوو بۆ هاوڕێیانی سەر پەرشتیار بۆ ڤیستیڤاڵی ئاینده.

کارزان شێربەیانی/ دەرهێنەری فیلمی دیکۆمێنتەری (ڕۆژێک لەگەڵ پ.ک.ک) ووتی:ئەم ڤیستیڤاڵە جێی دڵخۆشیە. بەڵام ناکرێت هەر بە چاوەی سۆزەوە سەیری فیلمکاری کورد بکەین و بە هەموو شتێک ڕازی بین، ئەمە نابێتە هۆی سود بەخشین بەو کەسانەی تازە کاری سینەما دەکەن هەروەها ڤیستیڤاڵ دە بێت ساڵ بە ساڵ پێشبکەوێت.
خۆزگە دوو کۆمیتە هەبوایە یەکەم بۆ ڕێکخستنی ڤیستیڤاڵەکە دووەم کۆمیتەی سەرپەرشتی هونەری فیلمەکان بۆ ئەوەی ئەو هەڵانەی ڕوو دەدەن کەمبکرێنەوە.
وە فیلم کارەکان ماوەیان زۆر هە بێت بۆ گفتوگۆ لە دوای نیشان دانی فیلمەکە لەگەڵ بینەراندا و تا وەڵامی پرسیاری ئامادەبوان بدەنەوە کە دەکرێت ئەمە مایەی سود بەخشین بێت بە دەرهێنەر.

سەلام مجید/ دەرهێنەری فیلمی بەڵگەیی دیوان
ووتی: سەرنجم زۆرە بەڵام بە گشتی ڤیستیڤاڵێکی سەرکەوتوە ئەوەی منی هەژاند ئەو لاوە هونەرمەندانە بوو کە بەرهەمی بەپێزو جوانیان نیشاندابن کە هیوایەکی گەورەی پێ دام، ڕۆژێک دەبێت هونەرمەندی کورد لە ئاستی جیهاندا جوانتر ببینرێت.
ئالان ئەمین/ دەرهێنەری دیکۆمینتەری ڕۆژە ڕەشەکان

- ڕەخنەم زۆرە بەڵام ڤێستیڤاڵێکی خۆش و سەرکەوتوە بە هیوام ساڵی ئایندە باشترو چڕوو پڕتربێت. دەستی هاوڕێیانی ئامادەکار خۆشبێت.

پێشنیارەکانی خۆشم بە چەند خاڵێک باس دەکەم .

أ. کەمکردنەوەی ژمارەی فیلم بۆ ڤیستیڤاڵی ئایندە.
ب. کورتکردنەوەی ماوەی ڤیستیڤال بۆ 3 ڕۆژ کە شەممە و یەک شەممەی تێدابێت.
ت. زیادکردنی ماوەی گفتوگۆی فیلمەکان لەگەل دەرهێنەردا.
ث. گۆڕینی شیۆنی سینەماکە بە دانەیەکی ئاست بەرزو باشتر.
ج. لە کاتی بەیانیاندا فیلم نمایش نەکرێت.
ح. پێشوەخت لیژنەی تحکیم فیلمەکانیان بینیبێت و لیژنەیەکی تۆکمەو باش و شارەزا دابنرێت.

دەستان خۆشبیت و هەمیشە سەرکەوتوبن.

ئاسۆ گۆران
aso.72@hotmail.com